# ڕابەر و سەردەم

عەلی مەحمود محەمەد 30-3-2004

لەم ماوانەی دوایدا قسەو باسی گەرم لە ناو بزاڤی سیاسی کوردیدا هاتۆتە ئاراوە , سەبارەت بە دانانی سەرۆکی هەرێم بۆ کوردستان , ئەمەش لە ئەنجامی سەفقەیەکی سیاسییەوە هات , کە لەلایەن بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعودەوە مۆرکرا , بۆ دابەشکردنی دەسەلاٌتدارییەتی لەنێوان هەردوکیان لە کوردستان و عێراق , بە گوێرەی ئەو سەفقەیە بێت , سەرۆکایەتی لە بەغدا بۆ مام جەلال و سەرۆکایەتی کوردستانیش بۆ کاک مەسعود دەبێت . پێی دەچێت هەردوو حیزب تەواوی دەسکەوتە گرنگەکانی کورد لە بەغدا و کوردستان بۆ خۆیان پاوان بکەن , خەلٌکی بێلایەن و پارتە بەناو هاوپەیمانەکانییان بێبەش بکەن , شتێکی وا بۆ لایەنەکانی کە بەجێ نەهێلٌن شایانی ناو هێنان بێت ,, گۆشتەکە بۆ خۆیان ڕیخۆلٌەی چەپلٌە لێدانەکەش بۆ هاوپەیمانەکانییان , ئەمە یاسای جەنگەلٌە , لە هاوپەیمانییەتی جەنگەلٌدا لە نێوان شێرو چەقەلٌ هەر ئەم ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە .

ئەوەی من لێرەدا قسەی لەسەرە کەم و لێی وردە بمەوە بیرۆکەی سەرۆکی هەرێمە , پلەیەکی سیاسی نوێیە ئەم سەفقە سیاسییە لەگەلٌ خۆیدا بە دیاری بۆمانی هێنا , وەك ئەوەی لە هەموو سەرۆکەکانی کە تێرمان خواردبێت , دانەیەکی دیکەش زیاد بکات , لە سەرۆکی پارت , سەرۆکی حکومەت , نوێنەری سەرۆك , نوێنەری حکومەت ... هتد .

ئەمەش هەمان بیرۆکەیە بە کەمێك کالٌکردنەوەی لەوەی لە سالٌی 1992 هاتە پێشەوە کە ڕابەری بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستان بوو . لەو سەرو بەندەدا جگە لە حزبی شیوعی هەموو هێزەکانی کەی کوردستانی خۆیان گلاندە گەمەکەوەی و سەری ڕەزامەندییان بۆ بوونی ڕاوەشاندو مۆری بوونی دێوە زمەیەکییان کرد بەبان سەری کوردەوە , گەمەیەکی ترسناك بوو تێك نەشکایە , شەرعییەتی سیاسی و یاسایی بە داخراوی ژیانی سیاسی لە کوردستان دەدا , دکتاتۆری تاکی دەکردە چوارچێوەی یاساییەوە . ئەوەی سەیر بوو لێرەدا ڕابەری بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی گەلێکی ژێر دەست , لە ڕێگەی دەنگدانەوە دیاری بکرێت , بە پێچەوانەی سەرجەم ڕابەرانی بزووتنەوە نیشتمانییەکانی جیهان لە عومەر موختارەوە بۆ هۆشیمنە و ماو وعەبدوالناصر و قازی موحەمەد و بارزانی و ماندیلا و تا ڕادەیەکی زۆر ئاپۆش .

ڕابەری نیشتمانی کارێزمای کەسایەتییەکە لە کۆمەلٌدا بوونی ئەو وەك ڕابەر دیاری دەکات , دەیکات بە ڕابەری بێ ڕەقیب لەناو کۆمەلٌدا. ناتوانرێت تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بە بالاٌی ڕابەردا دا ببڕدرێت , جگە لە کۆبونەوەی گەلٌ لە چوارچێوەی ڕابەرایەتی ئەو , دەشێت ڕابەر کەسایەتییەکی ئاینی وەك موختار و قازی و بارزانی بێت , یان کەسایەتییەکی کۆمۆنیستی وەك هۆشیمەنەو ماوتسی تۆنگ , نەخوێنەوار یاخود یان شاعیرو خوێنەوارو ڕادیکالٌی وەك ماو بێت , باوەڕی بە زەبروزەنگ هەبێت یان ئاشتی خواز بێت وەك گاندی و ماندێلا, دادپەروەر و یەکسانیخواز بێت یان پارێزەری بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی , هەموو ئەو نمونانەمان لە ناو ڕابەرانی میلی هەیە لە جیهاندا .

ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو لە کوردستان ئەو ململانێیەی دوودەیەو نیو چەك نەیتوانی یەك لای بکاتەوە , ویستییان لە ڕێگەی دەنگدانەوە بەلایەکدا بیخەن , بەڵام ئاکامەکەی بە ئەنجامێك گەیی ,جیاوازیی دەنگە بە دەست هاتووەکان بە ئاستێك بوو نایەتوانی سیفاتی ڕابەرایەتی بدات بە هیچ یەکێك لە پاڵێوراوەکان , ئەمە جگە لەوەی لە لایەکەوە سەردەمی ڕابەر تێپەڕی بوو , لە لایەکی کەوە هیچ کات لە مێژوودا تەسکییەی ڕابەر بوون بە سندوقی دەنگدان و تێزاب بەکار هێنان نەکراوە .

هیچ کام لە پاڵێوراوان نەیانتوانی تەنانەت متمانەی نیوەی کۆمەڵیش بەدەست بهێنن لە هەڵبژاردنەکەدا , بەو هەموو ساختەکارییەی ئەنجامیش درا , دیارە ئەو پارسەنگە بە ئێستاشەوە بە داخەوە لە شوێن خۆی ماوە لە کۆمەڵگای مەیوی کوردستاندا.

هیچکام لە ڕابەرانی ڕابردووی گەلان , بە ساختە و تەزویر و فرت و فێڵ ڕابەر بوونی خۆیان نەسەپاندووە بەسەر کۆمەڵدا , بەڵکە لە جەرگەی خەبات و تێکۆشانەوە توانییویانە متمانەی گەل بۆخۆیان ڕابکێشن , هەر ئەم متمانەیە بووە ئەوانی کردووە بە ڕابەری ڕوحی و سیاسی گەلەکانییان لە قۆناغێکی دیاریکراودا , نە بارزانی و نە قازی و نە ئاپۆ کەسییان نەناردۆتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان .

دیموکراسییەت چۆن ئەوانی لە ڕابردوو نەکردووە بە ڕابەر , هاوکات دیموکراسیەت خودی بیرۆکەی ڕابەر و وەلی ئەمر بوون لەسەر گەل ڕەت دەکاتەوە , ڕابەر بوون و دیموکراسی بوون پێچەوانەی یەکتر دەکەونەوە . چۆن زەمەن لە ڕابردوو کۆتایی بە سەردەمی پێغەمبەر بوون هێنا , 1400 ساڵە مرۆڤایەتی بێبەرییە لێی , جارێکی دیکەش مرۆڤایەتی ناگەڕێتەوە سەری , بە هەمان شێوە جارێکی کە مێژوو کەسی وەك لینین و مارکس و نەهرۆ و موختار و بارزانی دروست ناکاتەوە , سەردەمی ڕابەری چووە مێژووەوەو کۆتایی پێهات , زەمەن خستییە دواوەوە , ئەوەشی بییەوێت لاسایی مێژوو بکاتەوە لە بڕی تراژیدییا دەبێتە کۆمیدی , چۆن مێژوو ناپلیۆنی سێیەمی کرد بە گاڵتە جاڕ , کاتێك ویستی کڵاوی ناپلیۆنی باوك لەسەر نێت و درێژە بە فتوحاتەکانی بدات , بەڵام سەری پێشۆڕکرا .

بە گەشەی دیموکراسییەت و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر ,خودی بیری ڕابەریش کەوتە ژێر پرسیارەوە . چۆن ئێستا سستەمی دیموکراسییەت ولایەتی فەقێی شیعەکانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە , بەردەوام پرسیاری بەرە ڕوو دەکاتەوە . بوونی ڕابەریش بە بان سەر هەر سێ دەسەڵاتەکەی سەردەمی دیموکراسییەوە لە ولایەتی فەقێ زیاتر نییە لە بەرگێکی نوێتردا , لە بڕی جبەو عەبا کڵاوو جامانەیە .

بە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینا , بزووتنەوە نیشتمانییە شۆڕشگێڕییەکانیش , ئەوانەی ڕابەرییان بەرهەم هێنا توشی تێکشکان هاتن . هەرەس بە بوونی بیرۆکەی ڕابەری هات و دەسەڵاتە دامەزراوەکانی ئەوانی خستە ژێر پرسیارەوە , کە جگە لە گەندەڵی و مشەخۆری و لە هەندێك کاتدا دەسەڵاتی خێڵەکی , هیچی کەی پێ نەبوو بۆ گەل . ئەگەر ئەو ڕابەرانە ئەمرشۆ زیندوو بنەوە ئەو متمانەیەی جاران بە دەست ناهێننەوە , چونکە سەردەمیان تێپەڕیووە . جیهانگیری دوا بزماری خۆی لە تابوتی بیری ڕابەری دا و لە گۆڕی نا , ئەوەشی بمرێت دەبێت چاوەڕوانی عیسایەکی خەیاڵی بکات تا زیندوی کاتەوە , ئەوەش لە خەون زیاتر نییە , هیچ قەشەك چاوەڕوانی ناکات .

لە ناو کوردداا ئاپۆ دوا کەس بوو ئەو شانسەی بەرکەوت , دیارە ئەویش بەهۆی درەنگ تێکەڵ بوونی کوردەکانی باکور بە بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕابونی نەتەوایەتییان ئەوی بەرهەم هێنا , دیارە زەمەن

یارمەتیدەر نییە بۆ بەردەوامی ئەو وەك ڕابەرێك , بیهێننە پێش چاو خۆتان لە تورکییای ئەورووپی سەرۆکی نەتەوەیی هەبێت ؟؟, بە تێپەڕ بوونی زەمەن ئۆتۆریتەو هژمۆنییای کاڵ دەکاتەوە بە سەر بزوتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لەباکوری کوردستان , بۆیە ڕۆژێك زووتر ئۆتۆریتەی خۆی بۆ پارت و بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چۆڵ کات , سەروەری بۆ خۆی بەجێ دەهێڵێت , تا ئۆتۆریتەی کاڵ نەبۆتەوەو دەسەڵاتی بچوك نەبۆتەوە .

بە دەنگدان و بە دەست هێنانی ڕێژەی بەرزی دەنگی بەدەست هاتوو بێت , لە زەینالعابدینەوە بۆ بەشار ئەسەدو .... هەموو ٪99,99 لە هەڵبژاردنەکان دەهێننەوە , بەڵام کەسییان ناتوانن شوێن عەبداناسر و عومەر موختار بگرنەوە , ئەوانیش زیندوو بونایە سەردەم دەیانی دایە دواوە , چۆن شێخی گەورە زەمەن فرێی دایە دەرەوەی سەرکردایەتیی کوردەوە , کە مرد بە مرۆڤێکی ئاسایی سەری نایەوە .

## ڕێککەوتنی تاڵەبانی و بارزانی و سەرۆکی هەرێم

لە ماوەی ئەم 13 ساڵەی تەمەنی پەرلەماندا بیر لە بوونی پلەی سەرۆکی هەرێم نەکرایەوە, بۆیە یاسایەکی بۆ دانەڕێژرا , وەك چۆن خولی دووەمی هەڵبژاردنی ڕابەر بە ئار پی جی ئەنجام درا نەك پەنجە مۆر .
ئێستا بە پەلە لە دوای ڕێککەوتنی هەردولا بۆ تەواوکردنی شەریکایەتی لە دابەشکردنی دەسەڵات پلەی سەرۆکی هەرێم دێننە پێشەوە , ئایا ئەم سەرۆکی هەرێمە لە ڕوی دەسەڵاتەوە ڕابەرەکەی جاران و ولایەتی فەقێ نییە؟؟؟؟ . ئایا سنوری دەسەڵاتی لە بان سێ دەسەڵاتەکەی کەوە دەبێت یان وەك سەرۆك کۆماری عێراق هەر هێمایی دەبێت و هیچکە ؟.ئایا ئەم پۆستە لەگەڵ کۆتایی ئیتفاقەکەی هەردوو لا کۆتایی پێ دێت , یان وەك پەرلەمانەکەی پێشوو لەگەڵ تەمەنی کورددا درێژەی دەکێشێت ؟؟؟ . ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن ئەگەر پێویست بکات جەماوەر ماف خۆیەتی لە وەڵامەکەیان ئاگادار بێت .
ئەگەر ئەو پۆستە تەنها لە پەرلەمانا دەنگی لەسەر بدرێت , ئەوە لەگەڵ درێژە کێشانی ئیتفاقی ئەو حیزبانەیا ئەو پۆستەش درێژەی دەبێت , کەی کۆنتراکت هەڵوەشایەوە , مام جەلال لە پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق دادەبەزێت , کاك مەسعودیش هەر بە سەرۆکی پارتەکەی خۆی دەمێنێتەوە نەك سەرۆکی هەرێم و کورد , بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی دەنگدانەوە ئەنجام بدرێت وەك دەنگۆ هەیە, ئەوا کۆنتراکتەکە تەنها دەنگدانێکی کەی هاوشێوە دەتوانێت ئەنجامەکانی هەڵوەشێنێتەوە , هەروەها بە پونتیش بۆ پارتی دەگەڕێتەوە , چونکە ئەوکات هەموو پارتەکان دەبێت دەنگی پێ بدەن , ئەوکات لادانی سەرۆك لە دەسەڵاتی پارتە هاوپەیمانەکاندا نابێت , سەرۆك بە سەرۆکی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خوا هەڵیکمان لە 13 ساڵی کەدا بۆ دێنێتە پێشەوە جارێکی دیکە دەنگ بدەینەوە , بۆیە تا سنوری دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم نەزانیین ڕێگە بە دانانی سەرۆك لە کوردستاندا نەدەین .